زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

Salahaddin university- Erbil

# ویستی باوان بۆ فێرکردنی زمانی دووەم بۆ منداڵەکانیان

پرۆژەی دەرچوونە

توێژینەوەیەکە پێشکەش بە کۆلێژی زمان- بەشی (زمانی کوردی) کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

ئامادەکراوە لە لایەن:

**سارا سرتیپ شمس الدین**

بەسەرپەرشتی:

**د. ڕێژنە سیف الدین حسن**

٢٠٢٣-٢٠٢٢

## پێشکەشە بە

- بە هەموو ئەو منداڵانەی کە لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەشن.

## سوپاس و پێزانین:

- سوپاسی خودای گەورە دەکەم بۆ هێز پێدانم بۆ تەواوکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە.
- سوپاسی دکتۆرە ڕێژنە دەکەم بۆ ئەو ماندووبوونەی کە لەگەڵم بوو، وەک سەرپەرشتیارێک.
- سوپاسی دایکم و باوکم و سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەم، کە بە وشەیەکیش بێ یارمەتیان دابم.
- سوپاسی سەرجەم مامۆستایانم لە کۆلێژی زمان- بەشی کوردی.
- سوپاسی سەرجەم هاوڕێ و هاوپۆلەکانم دەکەم دەرهەق بە هەر یارمەتیدانێک پێشکەشیان کردبێتم.

## پوختە:

توێژینەوەکە بە ناوی (ویستی باوان بۆ فێربوونی زمانی دووەم بۆ منداڵەکانیان)، بریتیە لە باسکردنی لە ئەو ویست و ئارەزوانەی کە باوان هەیەتی بۆ منداڵەکەی بۆ خوێندن لە سیستەمی زمانی ئینگلیزی، لە سەرەتادا ویست بریتیە لەو حەز و ئارەزووەی هەر تاکێک بۆی دروست دەبێت بەرامبەر هەر کارێک، مرۆڤ لە ئەنجامی بارودۆخ و بوونی هۆکار لە ناو ژیانیدا، ویستی بۆ دروست دەبێت، باوانیش هەمیشە ویستی ژیانێکی باشتر بۆ منداڵەکانیان دەخوازن، خوێندن لەناو سیستەمی زمانی دووەم یەکێکە لەو ویستانەی کە باوان هەیەتی بۆ منداڵەکەیان، لەبەرامبەر زمانی دووەم، زمانی یەکەم هەیە، زمانی یەکەم بریتیە لەو زمانەی کە مرۆڤ لە سەرەتای گۆکردنیاندا بەکاری دەهێنن، زمانی دووەم بریتیە لەو زمانەی کە مرۆڤ لە بەشێکی تەمەنیدا فێری دەبێت، چ بە هەوڵدان بێت، چ لە ڕێگای خوێندنەوە بێت، بێگومان هەموو دیاردەیەک سود و زیانی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم سیستەمە لە خوێندن بە زمانی دووەمە کاریگەری بەرچاوی کردۆتە سەر زمانی دایک(زمانی کوردی) لەسەر ئەو منداڵانەی کە بردراونە بەر ئەو سیستەمە.

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەشکردن | |
| سوپاس وپێزانین | |
| بەشی یەکەم | |
| پێشەکی | |
| ١-ویست | |
| ٢-فێرکردنی زمانی دووەم لە ڕوویی تیۆریەوە | |
| ٢-١- زمانی یەکەم | |
| ٢-٢- زمانی دووەم | |
| ٣-هۆکارە کاریگەرەکان و سودەکانی فێرکردنی زمانی دووەم | |
| ٣-١-حەز و ئارەزوو | |
| ٣-٢-پێویستی | |
| | |
| ٤-زیانەکانی فێرکردنی زمانی دووەم | |
| بەشی دووەم | |
| لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە | |

## پێشەکی:

ویستی باوان بۆ فێربوونی زمانی دووەم بۆ منداڵەکەیان بریتیە لەوەی باوان چەند حەزدەکەن و دەیانەوێ منداڵەکەیان لە نێو سیستەمی خوێندنی زمانی دووەم بخوێنێت نەوەک زمانی دایکی.

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکەم بریتیە لە (ویستی باوان بۆ فێربوونی زمانی دووەم بۆ منداڵەکەیان).

## میتۆدی بەکارهێندراو:

میتۆدی بەکارهێنراو لەم توێژینەوەیدا میتۆدی وەسفی و شیکاریە.

## گرینگی توێژینەوە:

گرینگی لە نوسین و هەڵبژاردنی ئەم ناونیشان و بابەتە نیشاندانی هەڵووەستەیەکی ناو کۆمەڵگایە، کە لە ڕووداوەوە بووە بە دیاردە، ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت، دەبێتە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ سەر بەکارهێنان و زیندوو بوونی زمانی دایک(زمانی کوردی).

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە:

١-ڕەهەندە ئەرێنیەکانی سیستەمی خوێندنی زمانی ئینگلیزی چیە؟

٢- ڕەهەندە نەرێنیەکانی سیستەمی خوێندنی زمانی ئینگلیزی چیە؟

## پلانی توێژینەوەکە:

لە بەشی یەکەمدا:

١-باس لە پێناسەی ویست و زمانی یەکەم و زمانی دووەمان کردووە.

٢- هۆکارە کاریگەرەکان و سودەکانی فێرکردنی زمانی دووەم.

٣-ڕەهەندە نەرێنیەکانی ئەم توێژینەوەیە.

لەبەشی دووەمدا:

لایەنی کارەکی توێژینەوەکەمان بریتیە لە ڕاپرسی کردن لەگەڵ باوان لەسەر چەند پرسێکی تایبەت بە توێژینەوەکە.

دواتر لیستی ئەنجامەکان، سەرچاوە و پاشکۆکان.

# بەشی یەکەم

## بەشی یەکەم

### ١-ویست

زاراوەی (ویست)، کە لەعەرەبیدا دەبێتە ئیرادە، لە فەرهەنگی هەژاردا[1] بەرامبەر وشەی ویست (ئارەزوو) دانراوە، لە فەرهەنگی (خاڵ[2])یشدا بەم شێوەیە پێناسەی کراوە: (پێویستی یەکێک بە شتێک). بێگومان مرۆڤ لە ئەنجامی بارودۆخ و بوونی هۆکار لە ناو ژیانیدا، ویستی بۆ دروست دەبێت، لە هەندێ پێناسەی تردا، ویست بەوە پێناسە دەکەن، کە ( ئەو کردارەیە کە لە نێوان دوو کاردا یان زیاتر مرۆڤ دانەیەکیان هەڵدەبژێریت[3])، لەم پێناسەیەدا ویست لە "کردارێک" کۆکراوەتەوە، کە بریتیە لەوەی مرۆڤ کاتێک دەکەوێتە نێوان هەڵبژاردنەوە، لە ڕێگای ویستەوە، دانەیەک هەڵدەبژێرێت، یاخود ویست بریتیە لە( پێداگیری لەسەر کارێک[4])، بێگومان کاتێک مرۆڤ ویستی دەبێت بۆ کارێک، هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کارەکە. ئەگەریش بمانەوێ وشەی ویست بە لێکۆڵینەوەکەمان ببەستینەوە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەڵدەستین بە دیارخستنی ئەوەی لەبەر چی باوانی کورد، زیاتر ویستی لەسەر ئەوەیە منداڵەکەی لە خوێندن بە زمانێکی جیاواز لە زمانی دایکی( کە زیاتر جەخت لەسەر زمانی دایک- کوردی کراوەتەوە) بخوێنێت، بێگومان سود و زیانەکانی ئەم ویستە هەم لەسەر منداڵدا بوونی هەیە هەم لەسەر خودی زمانەکە.

### ٢-فێرکردنی زمانی دووەم لە ڕووی تیۆریەوە

لە سەرەتادا بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە و ناساندن بە شێوەیەکی ئاسان، پشت ببەستین بە بەراوردکردنی زمانی یەکەم(زمانی زگماک یان دایک) و زمانی دووەم، بۆ زیاتر ناسین و شارەزا بوون، دەربارەی زمانی دووەم.

---

[1] فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، مامۆستا هەژار، سروش، ئێران، چ.یەکەم، ١٣٦٣، ل٩٣٢

[2] فەرهەنگی خاڵ، شێخ محمدی خاڵ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ژ.چ٣٥٦، ٢٠٠٥،ل ٤٩٧

[3] پێناسەی سایتی ویکیپیدیا بەرامبەر بە ویست.

[4] المهارات البصریە المبکرە، دیانا ویلماز، دار للفارو للنشر، قاهرە، ٢٠٠٤، ل٥٤

## ٢-١- زمانی یەکەم

هەریەکەمان خودان یەک زمانی دایکین، کە زمانی یەکەم (زمانی دایک) ، زمانی سەرەتا، زمانی نەتەوەیی یان زگماکیشی پێدەگوترێ. یەکەم زمانە کە منداڵ لەسەرەتای فێربوونی گۆکردن بەکاری دەهێنێ، لە دەوروبەرە ژینگەیەکەی فێردەبێ، پێویستی بە یارمەتیدان نیە بۆ فێرکردنی ،یان ((ئەو زمانەیە تاک فێریدەبێت، کە هێشتا لە قۆناغی گاگۆڵەدایە، نەک ئەو زمانەی لە قوتابخانە فێریدەبێت، یا لەتەمەنێکی گەورەییدا[5]))، واتە: منداڵەکە منداڵ لەسەرەتای لەدایک بوونیدا، کە بۆ یەکەم جار دەگاتە تەمەنی گۆکردن بە زمانی دایکی گۆ دەکات. پێناسەیەکی تر دەڵێ: ((زمانی دایک، زمانی منداڵیە-بە واتای ئەو زمانەی منداڵ یەکەمجار لە منداڵیەوە فێری دەبێت[6]))، کە ئەم پێناسەیەش وەک پێناسەکەی پێشوومان، باس لەوە دەکات کە منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا بە چ زمانێک گۆ بکات ئەمە دەبێتە زمانی دایکی، بە نمونە: دایکێکی عەرەب لە کوردستان منداڵێکی دەبێ بە زمانی کوردی گۆ دەکات منداڵەکە، زمانی دایکی منداڵەکە دەبێتە کوردی، واتە؛ بەگشتی زمانی یەکەم ئەو زمانەیە کە منداڵ خۆی فێریدەبێ، واتە؛ هیچ کەسێ بەشێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو فێریناکا. زمانی یەکەم خودان تایبەتمەندی و سیفەتی خۆیەتی[7]، وەک:

١-یەکەم زمانە کە منداڵ فێری دەبێ و کاری پێدەکات.

٢-زیاتر بەکاری دێنێت.

٣-خۆی پێ دەناسێنێت و خەڵک بەو زمانە دەیناسن.

٤-لە هەموو زمانێکی تر باشتر دەیزانێت، هەر هیچ نەبێت لە سەرەتاکاندا، یا لەوانەیە زمانێکی تریش فێربووە، هێشتا ئەم زمانە باشتر بزانێت[8].

---

[5] فێرکردنی زمانی دایک و ناسنامەی نەتەوە، یوسف شەریف سەعید ، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، بلاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣. ل٨٧.

[6] سەلام ناوخۆش، زمانی دایک هەڵگری زمانی نەتەوەیە؟، گۆڤاری زمانناسی ژ٢٠١٠/٩، ل٨٢

[7] منداڵی کورد و فەرهەنگی کورد لە هاندەران، ئەمجەد شاکەلی ، چاپی یەکەم، سوید، ١٩٨٩.ل٥٦

[8] https://ar.m.wikipedia.org/wiki/ الصفحة_الرئيسية

٥- مرۆڤەکـــان بە شـــێوەیەکی گشـــتی بە زمـــانی دایکیـــان بیـــر دەکەنەوە، لە زیهینیانـــدا بەم بڕیارِ دەدەن و پلان دادەنێن[9].

## ٢-٢- زمانی دووەم

ئەم زاراوەیە زمـــانی دووەم (زمـــانی بێگـــانە)، زمـــانی یاریدەدەریشـــی پێـــدەگوترێ، گەلـــێ پێناســـەی بـــۆ کـــراوە لەوانە"بـــریتیە لەو زمـــانەی کە تـــاک دوای زمـــانی یەکەم فێـــری دەبـــێ، چ لە دەرەوە بـــێ، یـــاخود نـــاو پـــۆل[10] ، واتە: تـــاک فێـــری زمـــانی دووەم بـــووە، کـــاتێ دەیەوێ فێـــری زمـــانێکی تـــر بێـــت جـــا چ لە قوتابخـــانە بێـــت یـــان بە هـــۆی ئـــامێرە ئەلیکترۆنیەکـــان فێـــری ببـــێ یـــان بە هـــۆی خولەکـــانی فێربـــوونی زمـــانەوە فێرخـــواز فێـــری ببـــێ. هەنـــدێ زمـــانەوان پێیـــانوایە کە دەســـتەواژەی زمـــانی دووەم بـــۆ ئەو زمـــانەش بەکـــاردێ کە تـــاک دوای زمـــانی دوەمـــیش فێـــری دەبـــێ، واتە ئەگەر کەســـێ چـــوار زمـــانیش بزانـــێ، ئەوا زمـــانی ســـێیەم و چـــوارەمیش هەر پێـــی دەوتـــرێ زمـــانی دووەم، چـــونکە هـــیچ یەک لەو زمانـــانە نـــابنە زمـــانی یەکەم[11].

## ٣- هۆکارە کاریگەرەکان و سودەکانی فێرکردنی زمانی دووەم

هەر دیـــاردەیەک کە پەیـــدا دەبێـــت ســـود و زیـــانی تـــایبەت بە خـــۆی هەڵـــدەگرێ، لە کـــاتی ئێســـتاماندا فێربـــوونی زمـــانی دووەم یەکـــێکە لە پێداویســـتیەکانی ســـەردەم بە گشـــتی و تـــاک بە تـــایبەتی، لەبەر ئەوەی ئـــێمە لە ئێســـتادا لە جیهـــانێکی فرەزمانیـــدا دەژیـــن، کە پەیوەنـــدیەکان لە ئێســـتادا لە هەمـــوو کاتێـــک گرنگتـــرن، لە زۆر کـــایەیی ژیانـــدا پێویســـتیان بە زمـــانی دووەم دەبێـــت، بە تـــایبەت لەگەڵ بەرەوپێشـــچوونی تەکنەلۆژیـــا و زانســـت لە گشـــت بوارەکانـــدا، لە خـــوارەوە بە شـــێوەی خـــاڵ چەنـــد ســـودێک لە ســـودەکانی فێرکردنـــی زمـــانی دووەم روون دەکەینەوە:

١-حەز و ئارەزوو:

بێگومـــان لەو کـــاتەی کە منـــداڵ دێـــتە دوونیـــاوە، بـــاوان ئـــارەزووی باشـــترین ژیـــان و داهـــاتوو بـــۆ منـــداڵەکانیان دەکەن، ئـــارەزوو بـــریتیە لە (هەســـتێکی بەهێـــز لە ویســـتن بـــۆ هەبـــوونی

---

[9] د.پەخشان سابیر حەمەد، زمانی دایک لە نێوان ئایین و ئەدەب و بایەخی نێونەتەوییدا، زانکۆی سۆران، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣. ل١٤٠.

[10] Second language acquisition, Ellis R, oxford university press, Eighth edition, 1997, 3

[11] Key terms in second language acquisition, Vanpatten and benati, continuum, London , 2010

شــتێک یــان هیواخــوازی بــۆ ڕوودانــی شــتێک[12])، واتە: ئــارەزوو بــریتیە لەو هەســتەی کە بـاوان هەیەتـی بـۆ باشـتر کردنـی ژیـان و داهـاتووی منداڵەکەی، زۆر جـار لە دایـک و باوکـان حەز دەکەن منـداڵەکەیان لە سیسـتەمی زمـانێکی تـر کە دوور لە زمـانی دایکـی بخوێنێـت، بـۆ ئەمەش تەنیا حەز و ئارزووە بۆ زمانی دووەم، پاڵنەرێکی ئەوتۆ نیە بۆی.

٢-پێویستی:

زۆر کــات بــاوان بە هــۆی بــاری لە ناکــاو و قــورس ناچــار دەبێــت ســەفەر بــکەن بــۆ وڵاتێکــی تــر بــۆ ژیــانێکی باشــتر، واتە ناچــارکردنی تاکەکەســەکان لەلایەن دەســەڵاتی سیاســیەوە، بــۆ جێهێشــتنی شــوێنی نیشــتەجێبوونیان بە مەبەســتی سیاســی نەوەک بە مەبەسـتی گەشەسـەندن و پەرەپێـدان[13] لەم بـارەدا ناچـار دەبـن منـداڵەکانیان بنێـرن بـۆ ئەو قوتابخانــانەی کە لەو شــوێنە هەن، بەرەبەرە بــاوان ناچــار دەبــن ئەوە قبــوڵ بــکەن کە منداڵەکانیان پێویستە بە زمانێکی تر و دوور لە زمانی دایک قسە بکەن.

٣-پێشخستنی پیشە:

ئەو کەســانەی کە لە یەک زمــان زیــاتر دەزانــن و زۆربەی ئەو دایــک و باوکــانەی کە منــداڵەکانیان خســتۆتە بەر سیســتەمی خوێنــدنی ئینگلیــزی، هۆکــاری بە دەســت هێنــانی پیشــەیەکی باشــتر دەکەنە هۆکــار، دوو زمــانەیی یــان فێربــوونی زمــانی دووەم کــاریگەری بەرچـاوی هەیە لەسـەر پێشخسـتنی پیشـەکەت، گرینـگ نـیە لە چ بوارێکـدا کـار دەکەی، تەنیـا کــاریگەریش لەســەر مــوچەکەت نــیە بەڵکــو هەڵبــژاردەی زیــاتر دەخــرێتە بەردەمــت لە نــاو بوارەکەتــدا، لێکۆڵینەوەکــانیش ئەوەیــان دەرخســتووە کە ئەوانەی دوو زمــان یــان زیــاتر دەزانــن هەلــی کارکردنیــان لە کەســانی تــاک زمــان باشــترە، وەک:( لە ســاڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١٥ ڕێــژەی هەلــی کــار لە ئەمریکــا بــۆ ئەوانەی دوو زمــان دەزانــن دوو هێنــدە بەرز بــوویەوە بەرامــبەر ئەوانەی کە یەک زمــان دەزانــن[14])، بێگومــان لە ئێســتادا ڕێــژەکە بەرەو زیــادبوون چــووە، بە پێــی دوایــین زانیاریەکــانی (ســاڵی ٢٠٢١ بە شــێوەیەکی گشــتی ڕێــژەی ئەوانەی کە

---

[12] https://languages.oup.com/research/

[13] ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعسدا، مراد حکیم محمد، نامەی ماستەر، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٥

[14] Top Ten Reasons to Learn Languages, Liven, lead with the language, 2022, online speech

دەتــوانن بە زمــانی دووەم و ســێیەم قسـە بـکەن بە تێکــرای ١٢٨٠٠٠ زیــاترن لەوانەی کە بە تەنیا دەتوانن بە یەک زمان قسە بکەن[15].

٤-خۆراکدان بە مێشک:

فێربـوونی زمـانی دووەم سـەرەرای سـودە مـادییەکەی سـودی تەندروسـتی هەیە بـۆ سـەر هەنـدێ لە بەشـەکانی مێشـک کە تیایـدا ئەو سـودانەی دەیگەیەنـێ بە خـودی مـرۆڤ بە شێوەی خاڵ لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە[16]:

١-توانـای بیـرەوەری و چارەسـەرکردنی کێشـە و بیرکـردنەوەی ڕەخنەگرانەیـان باشـتر بووە.

٢-تەرکیزکـردن و توانـای کـارکردنی زۆر و توانـای گوێگرتنیـان باشـتر بـووە، لە ئەرکەکـانی وەک: کێبڕکـێ جیاوازیـان بە دیـار کەوتـووە، ئەو کاتـانەی کە گۆرانکـاری بەسـەر ژینگەکانیاندا هاتووە بە ئاسانی توانیویانە لە کاریگەریەکان بگەن و لەگەڵی بگونجێن.

٣-زیـادکردنی توانـای هیـزر، پەیوەنـدی بەو بەشـەوە هەیە کە لە مێشـکدا تـایبەتە بە (کـردار (کـارکردنی جـوڵەیی) خۆنەویسـتانە، چارەسـەرکردنی کێشـەکان، سـەرنجدان، بیـرەوەری، زمـان[17]) تـا زیـاتر هەوڵ بـۆ فێربـوونی زمـانی دووەم بـدەین، ئەم بەشـەی مێشـک زیـاتر گەشـە دەکـات[18]، کە ئەمەش سـودی یەکجـار زۆری هەیە بـۆ خـودی مـرۆڤەکە، نەخۆشیەکانی وەک:(نەخۆشیە دەماریەکانی ئەل زەهایمەر، خەمۆکیش دوادەخات[19]).

٤- زیـاتر مێشـکت بەکاردێنێـت بـۆ فێربـوونی کـارامەیی نـوێ، بیرکـردنەوەی زیـاتر و مێشـکت زیـاتر کـار دەکـات. فێربـوونی زمـانێکی نـوێ پـاڵ بە مێشـکت دەنێـت بـۆ ئاشـنابوون بە ڕێزمـانێکی نـوێ و وشـەکان و یاسـاکانیان لە نێـو زمـانەکەدا. ئەوە ڕێـگەت پێـدەدات کە بیرکـردنەوەت فراوانتـر دەبێـت بـۆ ئەوەی وشـەی نـوێ فێرببیـت، دواتـر پەیوەنـدی لە نێـوان وشەکاندا دروست بکەیت و لە ڕستەی پێویست و گونجاو بەکاریان بهێنیت.

---

[15] 10 Reasons Why Learning a Foreign Language is Important, Elizabeth Agemotu, 2021, online speech.

[16] Liven, 2022.

[17] Anatomy, Central Nervous System, Thau L, Reddy V, Singh P. 1 Medical College of Georgia, 2 Augusta University Medical Center, Books, 2022, online site.

[18] Elizabeth Agemotu, 2021.

[19] 7 Benefits of Learning A New Language, Megha Cherian, 2016, online source.

٥-پەیوەندیکردن لەگەڵ کلتورەکانی دیکە:

یەکێک لە لایەنەکانی ئە زموونی مرۆڤ توانای ئێمەیە بۆ پەیوەندی کردن بە کەسانی ترەوە. توانای پەیوەندی کردن لەگەڵ کەسێکدا بە زمانەکەی دیارییەکی بێوێنەیە. دووزمانەکان دەرفەتی بێهاوتایان هەیە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ مەودایەکی فراوانتری خەڵک لە ژیانی کەسی و پیشەیی خۆیاندا، لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بە هۆی تەکنەلۆژیاوە سنووری نێوان وڵاتەکان و هەتا کیشوەرەکانیش شکاوە، خەڵکی لە پەیوەندیکردندان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەردەوام، فێربوونی زمانی دووەم هەر بە ئەمەندەش ناوەستێ لە داهاتوودا دوور لە پەیوەندیکردن، لە شوێنی پیشەیی و هەتا ژیانی ڕۆژانەشماندا دەبێتە پێویستی[20]. ئەمە لەلایەک و بۆ خوێندنەوەی دەقە ئەدەبی و زمانیەکان زۆر جار وەرگێران مافی تەواوەتی ناداتە دەقەکان و ئەو تایبەتمەندیە زمانیایەنەی کە هەیەتی لە ناویدەبات، گەوهەریەتی دەقەکە دەشێوێنێت، بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە و شارەزابوون و فێربوون دەربارەی کلتور دەربڕینەکان، وا باشترە کە دەقەکان بە زمانی خۆیان بخوێنینەوە، بە تایبەت وەک ( پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، نوکتە، دەقە شیعریەکان...تاد[21]).

ئێمە لە کاتی فێربوونی زمانی دووەم، مرۆڤ تەنیا وشە و ڕستە و دەستەواژەکانی تایبەت بەو زمانە فێر نابێت بەڵکو کلتور و مێژوو و ئایین و هونەری ئەو میلەتەش وەردەگرێت، توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەو منداڵانەی کە بە زمانێکی تر خوێندوویانە، زیاتر کراوەن دەربارەی ئەو کلتوورەی کە پەیوەندی بەو زمانەوە هەیە[22]، زیاتر قبوڵی دەکات و وەری دەگرێت، دەکرێ بڵێین ئەو کاریەگەریە کلتووریە دەکرێ بە لایەنی ئەرێنی بێ بۆ سەر منداڵەکە یاخود تاکەکە یاخود نەرێنی بێت.

سودە لاوەکیەکانی تر وەک:

لە ڕووی زانستیەوە کە لە نەتەوەیەکی تر کاتێک داهێنانێک دەکرێت، لە ڕێگای زانینی زمانی ئەو نەتەوەیە دەتوانین ئەم زانست و داهێنانە بگوازینەوە بۆ نێو زمانی خۆمان، لە کاتی زانینی زمانەکە و بە ڕێگای وەرگێرانی ئەم زانستە، یاخود ناردنی کۆمەڵێک قوتابی

[20] Elizabeth Agemotu, 2021

[21] Elizabeth Agemotu, 2021.

[22]Megha Cherian, 2016.

بـۆ ئەو وڵاتە بـۆ فێربـوون دەربـارەی ئەو زانسـتە و دواتـر گەڕانەوەیـان، پەرەپێـدانی ئەم زانسـت و زانیـاریە، لە میلەتـی خۆیانـدا و لە ژێـر زمـانی نەتەوەیـی. لە کـاتی گەشـتکردن و سـەفەرکردندا ئەگەر بـزانین بە زمـانی ئەو شـوێنەی بـۆی دەچـین قسـە بکەیـن، هەم قـازانجی مـاددی(کە پێویسـتمان بە وەرگێـر نابێـت)،هەم قـازانجی مەعـنەوی کە توشـی کێشـەی تێگەیانـدن و تێگەیشـتن نـابیتەوە لەگەڵ بەرامـبەردا، بـۆ بەدواگەڕان لە کـاتی ئێسـتاماندا بە دوای زانیاریەکـدا، بـۆ بەدەستخسـتنی سـەرچاوە دەتـوانین پشـت بە سـەرچاوە بە زمانەکـانی تـر وەربگـرین، کە ڕەنـگە بە زمـانی خۆمـان بەردەسـت نەبـن، زۆرجـار فێربـوونی زمـانی دووەم زیـاتر هـانی تـاک دەدات بـۆ ئەوەی لە زمـانی یەکەمـی زیـاتر قـوڵ ببێـتەوە و تێبگـات، چـوونکە دەیەوێـت بەرامـبەر ئەو وشـە و رسـتانەی کە لە زیهینیانـدا هەیە، زمـانی دووەم لەو ڕێگـایەوە(بەرامبەرکردن) وەربگـرن. ئەو منـداڵانەی کە لە منـداڵیەوە فێـری زمـانێکی تـر دەبـن، بە گشـتی ئاسـتەکانی زمـان بە تـایبەت لایەنـی وشەسـازی و ڕستەسـازی لە زمـانی دووەمـدا لە هیزریانـدا دەچەسـپێت، دەتـوانن بە ئاسـانی فێـری زمـانی سـێیەم و چـوارەم و ئەو زمانـانەی کە لە ڕێزمـانی زمـانی دووەم نـزیکە فێـرببن و بـۆ زمـانی دووەمـیش هەمـان شـێوەیە، لێکۆڵینەوەکـان ئەوەیـان سـەلماندووە کاتێـک یەکێـک فێـری زمـانی بیـانی دەبێـت، زمانەکـانی دواتـر ئاسـان دەبـن بـۆ فێربـوون[23]، بـۆ نمـونە: فێربـوونی زمـانی ئیسـپانی یارمەتیـدەرە بـۆ فێربـوون و تێگەیشـتن لە زمانەکـانی تـری ڕۆمـانی، وەک: ئیتـاڵی و فەڕەنسی و پورتوگالی.

## ٤-٢-زیانەکانی فێربوونی زمانی دووەم:

هەمـوو دیـاردەیەک چـۆن دەکرێـت سـوودی هەبێـت بە هەمـان شـێوە دەکرێـت زیانیشـی هەبێـت، بـاوان کە هەڵـدەبژێرێت منداڵەکەی لە لایەن سیسـتەمی خوێنـدن بە زمـانی ئینگلیـزی یـاخود هەر زمـانێکی تـر بخوێنێـت بێگومـان چەنـد زیـانێکی بـۆ سـەر دەروون و ڕەفتـاری منداڵەکەی دەبێت، نمونەی ئەو زیانانە:

١-ترس و دڵەڕاوکێ:

منـداڵ کە لە تەمەنـی شـەش سـاڵی یـان حەوت سـاڵی دایە لەو کـاتەوەی گـوێی کـردووە بە زمـانی دایکـی قسـەی لەگەڵ کـراوە بە زمـانی دایکـی قسـەی لەگەڵ خێـزان و هاوڕێکـانی گەڕەکـی کـردووە، بەڵام کاتێـک دەڕواتە قوتابخـانە بە زمـانێکی تـر کە جیـاوازە لە زمـانی

[23] Elizabeth Agemotu, 2021

دایکـــی دەخوێنێـــت کە تەواو جیـــاوازە هەم لە ڕووی دەربڕینـــی وشـــەکان هەم ڕێزکردنـــی وشـــەکان لەنـــاو ڕســـتەکاندا، ئەم منـــداڵە تووشـــی تـــرس و دڵەڕاوکـــێ دەبێـــت، نمـــوونەی مامۆســـتا (هـــێمن)ی شـــاعیر هەســـتی یەکەم ڕۆژی قوتابخـــانەی بەم جـــۆرە بـــاس دەکـــات، دەڵێـت:(کە ڕۆژی هەواڵ چـوومە سـەر کـلاس تـۆقیم وەخـت بـوو شـێت بـم، مـن منـداڵێکی لادێیـــی نـــازدار بـــووم، لە کـــوردی بەولاوە هـــیچ زمـــانم نەدەزانـــی لە مەدرەســـەش کەس نەیـدەوێرا بە کـوردی قسـە بکـات[24]) ، ئە ڕووداوە دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو دەمەی کە خووێنـدن بە زمـانی فارسـی لە نـاوچە کوردنشـینەکان سـەپێندرا، لە ڕاپـۆرتی ناوەنـدی توێژینەوەکـانی مەجلیسـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێرانـدا هـاتووە لەم شـەش ساڵەی دواییـدا نـزیکەی پێـنج ملیـۆن کەس لە قوتابییـــان کەوتـــوون، شـــارەزایان دەیســـەلمێنن کە زۆرتـــرین کەوتـــن لە نـــاوچە قەومییەکانـدا بـووە، ئەو منـدالانەی کە لەو ناوچـانە دەچـنە قوتابخـانە بە هـۆی ڕووبەڕوو بـوونەوەی لەگەڵ زمـانی فارسـی کە نـایزانن، تووشـی خـورپە و ترسـێک دێـن و نـاتوانن خۆیـان لەگەڵـدا بگـونجێنن[25]، دەتـوانین بڵێـین بـۆ بـاوانیش هەمـان شـت دەگـرێتەوە، کاتێـک زمانێـک لەســەر منـداڵەکەی دەســەپێنێت و دەینێـرێتە بەر خوێنـدن هەر بەو زمـانە، کاتێـک لەو زمانە ناگا یاخود تەمەنی شیاو نیە بۆ فێربوونی زمانی دووەم.

٢-دەست هەڵگرتن لە خوێندن:

منـداڵەکان کاتێـک دەنێـردرێنە بەر خوێنـدن بە زمـانێکی تـر و لەو زمـانە نـاگەن بە هـاوڕێ و هاوپۆلەکانیـــان، جۆرێـــک لە بـــێ ئومێـــدی بەرامـــبەر بەو خوێنـــدنە دروســـت دەبێـــت، بە بۆچـــوونی برنشـــتاین هەزار و نـــۆ ســـەد و پەنجـــا و هەشـــت ئەو منـــدالانەی قوتابخـــانە بە بێبەشـــیی زمـــانی دەســـت پـــێ دەکەن نەک هەر لە دەربڕینـــی بـــابەت و چەمکەکـــان تـــوانە زمانییەکـــان و ڕێنـــووس و داڕشـــتندا گرفتیـــان دەبێـــت بەڵکـــوو بە شـــێوەیەکی گشـــتی خســـتنە ڕووی بیـــر و بە جۆرێـــک خێـــرا و پێشـــکەوتووانە بـــۆ ئەوان دژوار دەبێـــت نەتـــوانین لە فێربـــوون دا زیـــان و کەموکـــووڕی دیـــکە لەگەڵ خۆیـــدا دەیەنێـــت یەکێـــک لەو شـــوێنەوارانەی کە زیـــانی مـــادی و مەعـــنەوی زۆر بە منـــداڵ و مێرمنـــداڵ دەگەیەنـــت دەبێـــتە هـــۆی ناکـــارابوونی سیســـتەمی پەروەردە دابەزینـــی ئاســـتی چـــالاکی قوتـــابی و دواکەوتنـــی لە خوێنـدنا[26] بێبەشـی لە خوێنـدن بە زمـانی دایـک لە قوتابخـانە دوو زمانەکانـدا دەبێـتە هـۆیی

[24] هێمن، بارگەی یاران، سەرجەم شیعرەکانی هێمن، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٤.

[25] روز زبان مادر امسال فرق میکند، ١ی ڕەشەممەی ١٣٨٨، ماڵپەری رادیۆ ئەڵمان، بەشی فارسی.

[26] د.عەزیزی، "در خصوص تحصیل به زبان محلی در نضام امزوشی " سایت جامعه شناسی ایران".

ئەوەی گەشەکر بیرکردنەوەی هەڵماراو(انتعازی) منداڵ بەهۆی هەستیار بوونی تەمەنی بە توندی زیانی پێ بگات، هەستی خۆ بەکەمبینی و خۆ سانسۆرکردن بە هۆی نامۆبوونی لەگەڵ زمانێک کە پێی دەخوێنێت و هی خۆی نیە، لە قوتانیدا پێک دێت بێ توانایی تاک لە دەربڕینی بیر و ویست و پێداویستییەکانی و لە هەموو ئەمانە گرنگتر زیان گەیشتنی جدی بە قەوارە و تەواوەتی زمانی دایک زمانی کوردی لە ئاکامە ئاشکراکانی دوو زمانی بوونن[27]، مارک لاتایمر، بەڕێوبەری گشتی گرووپی کەمایەتییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێ لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرێت کە هۆی نەخوێندەواری دەیان ملیۆن منداڵ بۆ هەڵاواردنی نەتەوەیی لە وڵاتەکانیاندا و بێبەشمانەوە لە خوێندن بە زمانی زگماکی دەگەڕێتەوە[28]،

۳-تەمەن

قۆناغی منداڵی یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی ژیانی تاک و لە هەموویان هەستیارترە چونکە لەم قۆناغەدا گشت تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی تاک دروست دەبێت گرنگی دان بە لێکۆڵینەوە لە لایەنەکانی گەشەی ژیانی منداڵ گرنگدانی ئەگرین دان بۆ منداڵ گشت لایەنەکانی گەشەی ژیانی منداڵی گرتەوە بە تایبەت لایەنی گەشەی زمانی منداڵ کە بە کرۆکی گەشەکردنی مەعریفی لای تاک دادەنرێت[29]، قۆناغی منداڵی بە تایبەتی بەر لە شەش ساڵی خێراتنی قۆناغی گەشەی زمانە لای منداڵ چونکە منداڵ نەک هەر لە ڕووی گەشەی زمانی بەڵکوو لە گشت قۆناغەکانی تری گەشەی( هەستی، جووڵەی ئەندامی،... هتد) بەخێرایی گەشە دەکات[30]، تەنانەت داهاتی زمانی منداڵ لە کۆتایی ئەم قۆناغە شەش ساڵی دەگاتە نزیکەی دوو هەزار و پێنسەد وشە کاتێک دەگاتە ئەم قۆناغەش دەربڕینی زمانی منداڵ بەرەو ئەوە دەڕوات بە ڕوونی دەربکەوێت، هەروەها وردی لەواتا و تێگەیشتن و بەکارهێنانی ڕستەی گونجاو بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی بەدەردەکەوێت[31] لەگەڵ زانینی هەموو ئەم زانیارییانە هەندێک لە دایک و باوکی هەڵدەستن بەوەی کە منداڵەکانیان بەر لە شەش ساڵی بنێرن بۆ خوێندن بە زمانی دووەم و کە جیاوازە لە

[27] د.عەزیزی، سەرچاوەی پێشوو.

[28] یوسف عەزیزیی بەنی ترۆف، ۲ی ڕەشەممەی ۱۳۸۸، وتوویژ لەگەڵ ماڵپەری (Roozonline)

[29] سیکولوجیه لغه الطفال، صباح حنا هرمز، دائره الشئون الثقافیه و النشر، ۱۹۸۹، ل۳۸

[30] توانست و چالاکی زمانی لای منداڵی کورد، جەمال حەسەن مینە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ۲۰۱۳، ل٤٤

[31] اساسیات علم النفس التربوي: النضريه و التطبيق، محمد فرحان قضاه، دار الحامد للنشر و التوزيع، ۲۰۰٦، ل٥٤

زمانی دایکی، کە هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایانرا دەگریتەوە بێگومان ئەم بڕیاردان و کارەی باوان وا دەکات منداڵەکەیان چەندین زیانی دەروونی و کەسییەتی و ڕەفتاری بۆ دروست بێت، ئەمەش لەو کاتەدا دەبێت کە منداڵ هێشتا بە تەواوی زمانی دایکی وەر نەگرتووە لە هەمان کات دا زمانی دووهەمیش وەر دەگرێت، لەم بار و دۆخەدا منداڵ بەرانبەر دوو واتادا دوو وشە و هێما دەوەستێت[32] بۆ هەر شتێک ئەمەش بۆ منداڵەکەی گران دەبێت و بەراورد لەگەڵ ئەو منداڵەی یەک زمان وەردەگرێت، ئەم کاریگەرییە زیاتر لەو کاتەدا دەبێت کە منداڵ هێشتا لە سەرەتای زمان پرژاندن دایە[33] بە تایبەت ئەو کاتەی منداڵ بۆ یەکەم جار دەچێتە قوتابخانەی بنەڕەتی دەست دەکات بە خوێندن، کاتێ زمانی قوتابخانەکەی جیاواز بێت لەگەڵ ئەو زمانەی لە ماڵەوە قسەی پێ دەکات، ئەو کات ئەم کاریگەری بە ڕوونی لەسەر گەشەی زمانی منداڵەکە دەردەکەوێت[34] لەبەر ئەوەی منداڵەکە ڕووبەرووی دوو ڕێزمانی جیاواز دەبێتەوە لە کاتی دروستکردنی ڕستەکاندا بۆ ئاخاوتن، ئەمە وادەکات وەکو هاوپۆلەکانی زمانی قسەکردنی ڕەوان نەبێت، چونکە ناتوانێت بە تەواوی فێری هەردوو زمانەکە بێت، بەڵکوو بە نیوە چڵی و ناتەواوی فێری هەردوو زمانەکە دەبێت، ئەوەش ئەی ئەنجامی ئەوەی هەریەک لەو دووزمانە دەبنە ڕێگر لە بەردەم فێربوونی ئەوەی تریان[35] بۆ ئەو مەبەستە باشتر وایە منداڵ بۆ فێربوونی زمانی دووەم (لە تەمەنی نۆ ساڵیدا بێت)[36] چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا ئاستی گەشەی زمانی بە ڕادەیەک پێشکەوتووە کە دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر وەرگرتنی دوو زمان و دوو ڕێزمانی جیاوازیش دا.

---

32 جەمال حەسەن مینە،٢٠١٣ ، ل٨٤.

33 الفروق الفرديه والتقويم، انسى محمد احمد قاسم، دار الفكر الطباعه و النشر و التوزيع، ٢٠٠٥، ل١٦٧

علم النفس المعرفي و اللغوي علم النفس اللغوي و المعرفي إبراهيم محمد صالح، إبراهيم محمد صالح،34دار البدايه، عمان، ٢٠٠٦، ل٢٥٣ علم النفس المعرفي و اللغوي علم النفس اللغوي و المعرفي إبراهيم محمد صالح، إبراهيم محمد صالح،

35 سایکۆلۆژیای گشتی،د.کەریم شەریف قەرەچەتانی، چاپی چوارەم ،چاپخانەی پیرەمێرد/ سلێمانی، ٢٠١٥، ل٤١

36 اللغه و الفكر، نوری جعفر، مكتبه اكقومی، ١٩٧١، ل١٤٣

# بەشی دووەم

## لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

### -شیکردنەوەی داتاکان

### زانیاریە گشتییەکان

١-سەبارەت بە تەمەنی باوان لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بوو:




٢- سەبارەت بە ڕەگەزی دایک و باوکان بەم شێوە بوو:



٣-ئاستی خوێندەواری باوان لە نموونەی توێژینەوەکە بەم شێوەیە بوو[37]:




٤- دەربارەی پیشەی باوان بەم شێوەیە بوو:




[37] واتە زۆربەی ئەو دایک و باوکانەی کە بەشداری توێژینەوەکەیان کردووە خوێندەوارن و ئاستی خوێندنی باڵایان هەیە.

## زانیارییە تایبەتەکان

سەبارەت بە پرسیارە تایبەتییەکان وڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

پ١// سەبارەت بە پرسیاری یەکەم (ئایا منداڵەکەتان لە قۆناغی چەندەوە لەبەر خوێندنە لە سیستەمی ئینگلیزی؟) وەڵامەکان بەو شێوەیە بوون:




پ٢// سەبارەت بە پرسیاری دووەم (ئایا ئێستا منداڵەکەتان لە قۆناغی چەند دەخوێنێت؟) وەڵامەکان بەو شێوەیە بوون:



پ٣// سەبارەت بە پرسیاری سێیەم (بۆچی دەتەوێت منداڵەکەت بە زمانی دووەم (ئینگلیزی) بخوێنێت؟) وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون:




پ٤// سەبارەت بە پرسیاری چوارەم (ئایا خوێندن بە زمانی دووەم (ئینگلیزی) وای کردووە کار لە ئاخاوتنی منداڵەکەت بکات؟) وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون:



پ٥// سەبارەت بە پرسیاری پێنجەم (ئایا هەست دەکەی ئاستی دەربڕینی منداڵەکەت گۆڕانی بەسەر هاتووە؟) وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون:




پ٦//سەبارەت بە پرسیاری شەشەم (ئایا منداڵەکەت لە کاتی گفتوگۆدا وشەی زمانی ئینگلیزی بە کاردێنێت؟) وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون:



پ٧//سەبارەت بە پرسیاری حەفتەم (ئایا منداڵەکەتان لە کاتی دەربرینی ڕستەکانیدا شوێنی کەرستەکان ناو ڕستەکە دەگۆڕێت بە پێی سیستەمی زمانی ئینگلیزی دایبڕێژێت؟) وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون:




پ٨//سەبارەت بە پرسیاری هەشتەم (ئایا منداڵەکەتان بە هۆی ئەم سیستەمە خوێندنە ئینگلیزییە کاریگەری لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی هەبووە؟) وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون:



پ٩//سەبارەت بە پرسیاری نۆیەم (ئایا دەربارەی بابەتی کوردی کە لە قوتابخانە دەخوێنێت ناڕەزایی دەربڕیوە و ڕای گەیاند بێت حەز ناکا ئەم بابەتە (بابەتی کوردی) بخوێنێت؟) وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون:




پ١٠//سەبارەت بە پرسیاری دەیەم (لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەستان کردووە منداڵەکەتان ناتوانێت تێکەڵی منداڵانی تر ببێت کە بە زمانی دایک خوێندبێتیان و زیاتر لەم کاتانە دوورەپەرێز و گۆشەگیر بووبێت؟) وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون:



پ١١//سەبارەت بە پرسیاری یازدەم (ئایا هەرگیز لێک تێنەگەیشتن دروست بووە لە نێوان منداڵەکەت و خۆت لەسەر ئەوەی ئەم زمانی کوردییەکەی وا نەبووبێت بتوانێت تێت بگەیەنێت کە چی دەوێت یاخود تێنەگەیشتبێت کە تۆ چیت دەوێت؟) وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون:




پ١٢//سەبارەت بە پرسیاری دوازدەم (ئایا ئارەزوو دەکەن بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە منداڵەکەتاندا زۆر باشتربێت لە بەکارهێنانی زمانی کوردی) وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون:



## ئەنجام

- منداڵ ئەگەر لە خوار تەمەنی ٦ ساڵیەوە بنێردرێتە بەر خوێندن بە زمانی دووەم، توشی چەندین کێشەی دەروونی و تەندروستی دەبێتەوە، وەک:(ترس و دڵەڕاوکێی و گۆشەگیری...هتد).
- ئەگەر باوان لە تەمەنێکی گونجاو ڕەفتار لەگەڵ منداڵەکەیان بکەن، سەبارەت بە فێربوونی زمانی دووەم، دەکرێت زۆ سودی ماددی و تەندروستی ببێتەوە، وەک :(بەدەستهێنانی پیشەیەکی باشتر، بەهێزبوونی بیرگەی تایبەت بە زمان...هتد).
- منداڵ لە کاتی فێربوونی زمانی دووەم تەنیا زمانەکە فێر نابێت بەڵکوو کلتور و مێژوو، هەتا چۆنیەتی بیرکردنەوە و ڕەفتارکردنی زمانی دووەم وەردەگرێت، باوانەکانی کە لە بەشی دووەمدا بەژداری ڕاپرسیەکە بوون هەندێکیان نکۆڵیان لەوە نەکرد کە زمانی ئینگلیزی هەتا کاریگەری لەسەر ڕەفتاری منداڵکەشیان دروست کردووە.
- منداڵ لە کاتی ناردنە بەر خوێندنی زمانی دووەم، تەنیا دەروونیەن کالێک لەگەڵ ئەم سیستەمە ناکات بەڵکوو لە ڕووی دەربڕینی دەنگەکان(ئەو دەنگانەی هاوبەشن لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی بەڵام لە دەرچەی دروستبوونی پیتەکە جیاوازن) گۆڕانکاریان بەسەردا دێت.
- زۆربەی ئەو منداڵانەی کە دەخرێنە بەر خوێندن بە زمانی دووەم، یاخود بە هەر هۆکارێک ڕووبەرووی زمانی دووەم دەبنەوە، زۆر کات ڕووبەرووی ئەوە دەبنەوە، ژمارەیەک لە وشەی زمانی دووەم تێکەڵ بە گوتنەکانی دەکات لە کاتی بەکارهێنانی زمانی یەکەم، وەک:(یەس، نۆ، سۆری...هتد).
- بەهۆی جیاوازی ڕیزبوونی کەرەستەکانی زمانی ئینگلیزی لەگەڵ زمانی کوردی، هەندی لەو منداڵانە لە هەندێ کاتدا توشی ئەوە دەبن کە وشە و دەستەواژەکانی زمانی کوردی بە پێی ڕیزکردنی زمانی دووەم(ئینگلیزی) ڕێک بخەن، وەک:(لە شوێنی بڵێن: من بۆ قوتابخانە چووم، دەڵێت: من چووم بۆ قوتابخانە).
- بە ڕێژەی سەدا چل (٤٠)ی باوانەکان ئەوەیان خستۆتە ڕوو کە منداڵەکەیان نارەزایی دەربریووە دەربارەی زمانی دایک(زمانی کوردی) لە قوتابخانەکەیاندا، لەگەڵ ئەوەی ڕێژەکە کەمترە بەڵام هەم ترسناکیشە سەبارەت بە زمانی دایک.
- لە ئەنجامی هەڵە ڕەفتارکردنی باوان و لە تەمەنێکی زۆر زوو ناردنە بەر خوێندنی زمانی دووەم، سەرەرای ئەوە سەپاندنی زمانی دووەم، دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە زیاتر زمانی

دووەم وەربگرێت و نەتوانێت هەست و پێداویستی و بیرۆکەکانی بە شێوەیەکی باشتر دەرببڕێ و ئاڵوگۆڕی بکات لەگەڵ مندالآنی هاو تەمەنی خۆی کە بە زمانی دایک قسە دەکەن، ئەمەش بەرەو گۆشەگیربوونی دەبات، تەنیا لەگەڵ هاوڕێ هاوزمانەکانی نا بەڵکوو بە پێی ئامارەکان لەگەڵ باوانیش هەندێ جار لێکتێنەگەشتن دروست دەبێت.

- هەندێک لە باوانەکان دەیانەوێ زمانی دووەم(ئینگلیزی) زۆر باشتر بێت لە زمانی دایکی(کوردی)، کە ئەمەش سەرەتای دەستپێکێکی مەترسیدارە بۆ سەر زمانی کوردی.

## سەرچاوە:

- **کتێب:**


١-کتێبە کوردیەکان:

١-زمانەوانی دەروونی، د.عەندالواحید مشیر دزەیی، بەشی کوردی کۆلێژی زمان-زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤.

٢- زمانی دایک لە نێوان ئایین و ئەدەب و بایەخی نێونەتەویدا، د.پەخشان سابیر حەمەد، زانکۆی سۆران، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

٣-سایکۆلۆژیای گشتی،د.کەریم شەریف قەرەچەتانی، چاپی چوارەم ،چاپخانەی پیرەمێرد/ سلێمانی، ٢٠١٥، ل٤١

٤- فێرکردنی زمانی دایک و ناسنامەی نەتەوە، یوسف شەریف سەعید ، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماک، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

٥-هێمن، بارگەی یاران، سەرجەم شیعرەکانی هێمن، هەولێر، ١٠٠٣.

٦-منداڵی کورد و فەرهەنگی کورد لە هاندەران، ئەمجەد شاکەلی، چاپی یەکەم، سوید، ١٩٨٩.

- کتێب بە زمانی عەرەبی

١- اللغه و الفكر، نوری جعفر، مكتبه اكقومی، ١٩٧١

٢- الفروق الفرديه والتقويم، انسی محمد احمد قاسم، دار الفكر الطباعه و النشر و التوزيع، ٢٠٠٥.

٣-المهارات البصريه المبكره، ديانا ويلماز، دار للفارو للنشر، قاهره، ٢٠٠٤.

٤- اساسيات علم النفس التربوي: النضريه و التطبيق، محمد فرحان قضاه، دار الحامد للنشر و التوزيع، ٢٠٠٦.

٥- سيكولوجيه لغه الطفال، صباح حنا هرمز، دائره الشئون الثقافيه و النشر، ١٩٨٩.

٦-علم النفس المعرفي و اللغوي علم النفس اللغوي و المعرفي إبراهيم محمد صالح، إبراهيم محمد صالح، دار البدايه، عمان، ٢٠٠٦.

- كتێب بە زمانی ئینگلیزی

١- Key terms in second language acquisition, Vanpatten and benati, continuum, London , 2010

٢- Second language acquisition, Ellis R, oxford university press, Eighth edition, 1997

- **نامەی ئەکادیمی**

١-ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعسدا، مراد حکیم محمد، نامەی ماستەر، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٣.

٢-پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، پەیمان حسین محمد، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٠.

٣-توانست و چالاکی زمانی لای منداڵی کورد، جەمال حەسەن مینە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٣.

٤-خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، قادر فەتاح ئەحمەد، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەین، هەولێر، ٢٠١٠.

٥-ستراتیژیەتی فێربوونی زمانی دووەم خوێندنی بنەڕەتی بە نموونە، دڵنیا نوری عبدلله، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەین، هەولێر، ٢٠١٥.

٦-ململانێی زمان، زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە نموونە، ئازاد عەزیز سلێمان، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەین، هەولێر، ٢٠١٤.

- **گۆڤار**

١–سەلام ناوخۆش، زمانی دایک هەڵگری زمانی نەتەوەیە؟، گۆڤاری زمانناسی ژ٩/٢٠١٠.

- **فەرهەنگ**

١–فەرهەنگی خاڵ، شێخ محمەدی خاڵ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ژ.چ٣٥٦، ٢٠٠٥.

٢–فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، مامۆستا هەژار، سروش، ئێران، چ.یەکەم، ١٣٦٣.

- **سایتی ئینتەرنێت**

١– پێناسەی سایتی ویکیپیدیا بەرامبەر بە ویست.

٢– یوسف عەزیزیی بەنی تروف، ٢ی ڕەشەممەی ١٣٨٨، وتوویژ لەگەڵ ماڵپەری Roozonline))

٣– https://ar.m.wikipedia.org/wiki/الصفحة_الرئيسية

٤ –https://languages.oup.com/research/

٥– Top Ten Reasons to Learn Languages, Liven, lead with the language, 2022, online speech https://www.leadwithlanguages.org/why-learn-languages/top-ten-reasons-to-learn-languages/

٦– https://www.ncbi.nlm.nih.gov/books/NBK542179/#:~:text=The cortex divides into four,attention%2C memory%2C and language

٧– https://www.globalcitizen.org/en/content/7-benefits-of-learning-another-language/

٨- https://www.inventuslearning.com/10-reasons-why-learning-a-foreign-language-is-important/#:~:text=10 10 Reasons Why Learning a Foreign Language is Important, Elizabeth Agemotu, 2021, online speech.

Liven, 2022.

٩- روز زبان مادر امسال فرق میکند، ١ی ڕەشەممەی ١٣٨٨، ماڵپەری رادیۆ ئەڵمان، بەشی فارسی

١٠ -د.عەزیزی، "در خصوص تحصیل به زبان محلی در نضام امزوشی " سایت جامعه شناسی ایران".

١١-ویکیپیدیا، الموسوعة الحرة (الغة الاولى).

# پاشکۆکان

## نموونەی هەندێ لە منداڵی کورد:

بەکارهێنانی زمانی دووەم،لای منداڵێک
کە بەشێوەیەک بەکاری دەهێنێت، وەک
ئەوەی زمانی یەکەمی بێت، وە تەنانەت
کاریگەری کردۆتە سەر ڕەفتار و
هەڵبژاردنی وشە و زمانی جەستەشی.

بەکارهێنانی زمانی دووەم، لای چەند
منداڵێک کە بەشێوەیەکی ڕوون
گوزارشت لە بیر و وەڵامەکەیان
دەکەن، بە زمانی دووەم.

## ئەو فۆرمە ڕاپرسیەی کە باوان پڕیان کردبوویەوە

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر**

**کۆلێژی زمان – زمانی کوردی**

**قۆناغی چوارەم – توێژووینەوەی دەرچوون** 2023-2022

فۆرمی ڕاپرسی بۆ توێژینەوەی دەرچوونی خوێندکار ( سارا سرتیپ شمس الدین ) لە ژێر ناونیشانی ( ویستی باوان بۆ فێربوونی زمانی دووەم بۆ منداڵەکانیان ) کە توێژینەوەیەکە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی، بە سەرپەرشتی ( د.ڕێژنە سیف الدین حسن ).

بۆ بەڕێز..................................................

زانیارییە گشتییەکان

پ ١ // تەمەنی باوان[ئەو دایکە خاتوونەی یان ئەو باوکە بەڕێزەی ئەم فۆرمە پڕ دەکاتەوە]؛

لە نێوان 25-35 (١٢ کەس)

لەنێوان 35-45  (١٢ کەس)

45-تا سەروو     (٦کەس)

پ ٢ // ڕەگەزی باوان [ئەو دایکە خاتوونەی یان ئەو باوکە بەڕێزەی ئەم فۆڕمە پڕ دەکاتەوە]؛

نێر[باوکی خوێندکار]    (٨ کەس)

مێ[دایکی خوێندکار]      (٢٢ کەس)

پ ٣ // ئاستی خوێندەواری باوان[ئەو دایکە خاتوونەی یان ئەو باوکە بەڕێزەی ئەم فۆڕمە پڕ دەکاتەوە]؛

نەخوێندەوار    (٢ کەس)    تەنها خوێندن و نوسین   (٤ کەس)

ئامادەیی، پیشەیی       (١ کەس)

دبلۆم  (٢ کەس)    دبلۆمی باڵا     (١کەس)

بەکالۆریۆس  (١ کەس)

ماستەر (١٠ کەس)    دکتۆرا (٩کەس)

پ ٤ // پیشە[ئەو دایکە خاتوونەی یان ئەو باوکە بەڕێزەی ئەم فۆڕمە پڕ دەکاتەوە]؛

کاسبکار  (٣کەس)    فەرمانبەر  (١٧ کەس)    پیشەی تر  (١٠ کەس)

پرسیارە تایبەتیەکان:

پ ١ // ئایە منداڵەکەتان لە قۆناغی چەندەوە لەبەر خوێندنە لە سیستەمی ئینگلیزی؛

باخچەی ساوایان (١٦ کەس)    بنەڕەت (٩ کەس)    ئامادەیی(٥ کەس)

پ٢// ئایە ئێستا منداڵەکەتان لە قۆناغی چەند دەخوێنێت؟

قۆناغی بنەڕەتی ( ١٥ کەس )

قۆناغی ناوەندی    (٧ کەس)

قۆناغی ئامادەیی  ( ٧ کەس )

کۆلێژ   ( ١ کەس)

پ ٣ // بۆچی دەتەوێت منداڵەکەت بە زمانی دووەم[ئینگلیزی] بخوێنێت؟

بۆ بەرزبوونەوەی توانستی زانستی و زانیاری منداڵەکە (١٦ کەس )-

کەسێکی نزیکتان لە هەمان سیستەم دەخوێنێ و ئێوەش حەز دەکەن وەک ئەم بێ ( ١ کەس)

هەست کردن بە شانازی لە ناو کۆمەڵگا لەبەر ئەوەی منداڵەکەت لە ناو سیستەمی ئینگلیزیە (٠ - کەس)

لەبەر لایەنی ئابووری و داهاتووی منداڵەکەت (٨ کەس)

هی تر : (١ کەس)

پ ٤ // ئایە خوێندن بە زمانی دووەم [ئینگلیزی]وایکردووە کار لە ئاخاوتنی منداڵەکەت بکات؟

بەڵێ ( ١٤ کەس ) نەخێر ( ١٦ کەس)

پ ٥ // ئایە هەست دەکەیت ئاستی دەربڕینی منداڵەکەت گۆڕانی بەسەر هاتووە، واتە[ هەندێ لە دەنگی پیتەکان وەک؛ ئەو دەنگانە دەردەبڕێ کە لە ئینگلیزی هەن وەک هەندێ جار قەڵەوکردنی پیتی [ر] لە ناو وشە کوردیەکەدا بە هۆکاری ئەوەی لە زمانی ئینگلیزی بە جۆرێک قەڵەو دەکرێ کە لە زمانەکانی تردا نیە]؛

بەڵێ (١٣ کەس ) نەخێر(١٧ کەس)

پ ٦ // ئایە لە کاتی گفتوگۆدا وشەی زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنێت؟

واتە[ لە کاتی گفتوگۆ و پرسیارێکدا کە بەرەو ڕووی منداڵەکەت کردبێتەوە، بە وشەی ئینگلیزی وەڵامی

دابێتەوە وەک وشەکانی؛ یەس، سۆ، ئافتەر، وای تاد..]

بەڵێ( ٢٥ کەس) نەخێر ( ٥ کەس)

پ ٧ // ئایە منداڵەکەتان لە کاتی دەربڕینی ڕستەکانیدا شوێنی کەرەستەکانی ناو ڕستەکەی دەگۆڕێت بە پێیسیستەمی زمانی ئینگلیزی دایبڕێژێت؟

واتە( لە شوێنی بڵێ من کتێبەکەم هێنا ئەڵێ من هێنام کتێبەکە)

بەڵێ ( ٩ کەس) نەخێر(٢١ کەس)

پ ٨ // ئایە مندالەکەتان بە هۆی ئەم سیستەمە خوێندنە ئینگلیزیە کاریگەری لەسەررەفتار و هەڵسوکەوتی هەبووە؟واتە ( هەستان کردووە منداڵەکەتان وەک کەسێکی ئینگلیز ڕەفتار دەکات و بیر دەکاتەوە و بڕیاردەدا)

بەڵێ ( ١٣ کەس) نەخێر (١٧ کەس)

پ ٩ // ئایە دەربارەی بابەتی زمانی کوردی کە لە قوتابخانە دەخوێنێ ناڕازایی دەربڕیوە و ڕای گەیاندبێت حەز نەکا ئەم بابەتە (بابەتی کوردی) بخوێنێت؟

بەڵێ(١٢ کەس) نەخێر(١٨ کەس)

پ ١٠ // لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە؛ هەستان کردووە منداڵەکەتان ناتوانێت تێکەڵی منداڵانی تر بێ کە بە زمانی دایک خوێندبیتیان و زیاتر لەم کاتانە دوورە پەرێز و گۆشەگیر بووبێ؟

بەڵێ (٦ کەس) نەخێر(٢٤ کەس)

پ ١١ // ئایە هەرگیز لێک تێنەگەیشتن دروست بووە لە نێوان منداڵەکەت و خۆت لەسەر ئەوەی ئەم زمانی کوردیکەی وانەبووبێت بتوانێت تێت بگەیێنێت کە چی دەوێ یاخود تێنەگەیشتبێت کە تۆ چیت دەوێت؟

بەڵێ (١٣ کەس) نەخێر(١٧ کەس)

پ ١٢ // ئایە ئارەزوو دەکەن بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە منداڵەکەتاندا زۆر باشتر بێ لە بەکارهێنانی زمانی کوردی؟

بەڵێ (١٠ کەس) نەخێر (٢٠ کەس)